هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٢٤) لە ٢٠١٩/٩/١٨

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر پێشنیاری بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧) لە ٢٠١٩/٩/١٨، بڕیاردرا بە:

١. ڕاسپاردنی هەردوو بەڕێزان (وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ، وەزیری دارایی و ئابووری) بۆ پێشکەشکردنی هەموو هاوکاری و ئاسانکارییەکی یاسایی پێویست بۆ چۆنیەتی گێڕانەوەی قەرزە کشتوکاڵییەکان بە شێوەیەك لەگەڵ باروگوزەرانی جووتیاران بگونجێت.

٢. هەردوو وەزیری بەڕێزی ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەردەکەن بەپێی تایبەتمەندێتی وەزارەتەکانیان.

٣. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران